# خەڵوەتی خەباتی چل ساڵ، بەگیانی مامۆستا گورون پێشکەشە... ئامانج عەبدوڵا سوور

ئەوناونیشانە هونەرمەند (علی کمال) خاوەنی گەلەری بابان بەژوورە سی بەچوارەکەی ماندووی رێی چل ساڵ خەبات (مامۆستا گورونی سابیرە سوور) ی داهێنابوو. . .

گورونی مام ئەوپیاوەی بەئەندازەی بیرراوێژێکی نەتەوەیی نێو شۆرش ناوی نەخشابوو لەسیمایا پیاوێکی کەڵەگەت وبەویقار بوو قافیەی مەجلیسی نەتەوەییەکان بوو. . ئەودەمەی زۆر لە پاڵەوانانی ئەمرۆ باوەریان بەدەوڵەت نەهێنابوو خەیاڵیان وابوو کورد گەرەکێکی پی ئازاد ناکری، گورونی مام وەك مامۆستا ری نیشاندەری لاوان بوو بۆ ئومێدی دەوڵەت وبیری سەربەخۆیی خوازی، ئەوقەت بەشوێن ناوو ناوبانگەوە نەبوو هەمیشە وەك سەربازی وون لەخابات دا بوو، لە رێکخستنە سەرەتاییەکانی (کاژیك) وەك یەکەمین قەوارەی نەتەوەیی ئەو کادرێکی جولاووبزێو بوو لەگەڵ هاوبیرانی دای (فەتاح ئاغاوملازم شەوقی وعومەری ساڵح مەنسورو عوسەی ئامە ورەوفی خانم و ئازاد مستەفاوجەلالی حاجی حسێن، و. . . دەیان شەهیدی سەرکردەی تر) هاورێی چەك وقەڵَەم بوون وەك پڵنگی بریندار بەرامبەر دوژمن ئەوەستان. . ئەودەمەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پاسۆك وسکرتێری کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد بوو هەرگیز وەك بەرپرسە سمێڵ فشە جامانە بەست وتەنگە ئەستورەکان نەبوو لە ژورێکی سی بەچواری هەولێر دا خەریکی مەعریفە وخوێندنەوەبوو دەیان قوتابی هەوبوو زۆر شاعیروچیرۆك نوس وهونەرمەندان هاتوچۆی خەڵوەتەکەیان ئەکرد لەوانەش (نەورەس رەشیدومحمد عمر عوسمان وفوئاد سەراج وحەمەکریم عارف و مامستا و مامۆستا علی کریم و خاڵە حەمرین وفارس نەورۆڵی ورەوف رەباتی وحسن جەباری و. . . دەیان رۆشنبیری تر) لەنزیکەوە گوێیان بۆئەگرت بۆ پەیڤەکان بۆ خەمی نەتەوەیی و فرمێسکی لەچاوتێزاوی لەئاستی خەمی دەوڵەت من پێم شەرم نەبوو رۆژی دەیان جار سوجدەی بۆ بەرم چونکە یەکەم یپتی مەعریفەی فێرکردبووم، بیرکردنەوە وتێرامانی فەلەسەفی وخەم خۆری لە کوردایەتی گینگڵی شەوانی پی ئەدا تا دوائەنجام نەخۆشی لێکەوتەوەوبەم دوایە پزیشکەکەی پێی سەرسام بوو، نەخۆش بوو لەلای پزیشکێکی سلێمانی سەری لەمەعریفەی سورمابوو ناوی لی نابوو فەرهەنگێك لە تێرامان لە بورای کۆمەلایەتیش دا وەك نوسەری بەتوانا نەورەس رەشید وەسفی ئەکات خۆش مەشرەف وپیاوێکی تابڵێی نەتەوەیی بوو گەندەڵی قبوڵ نەئەکرد. . ئەوە مەرگی ئەوبوو لە ئێوارەیەکی ئەرخوانی دا رەنگی گەڵاکانی پرتەقاڵی کردبوو مردنێکی سەیروخاوێن بۆ دواجار چاوی پی لێك نا بیری نەتەوەیی مامۆستایەکی لی رۆیی و خەڵکی نەتەوەیی خەمخۆرێکیان لەکیس چوو!!مەرگ مەودای نەدا کتێبە بەنرخەکەی لەچاپ بدا من بەئەمەکێکی زۆرموە خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیم. . .

ئەوپیاوەی بەدرێژای تەمەنی لەگەڵ جاش وجاسوس و پیاوخراپ وئەڵقە لەگوی ودزەکان دا هاوری نەبوونەدەگونجا وبەنەعلەتی ئەکردن، دوا ویستگەی خەباتی لەناوریزەکانی پارتی دا رێی مەنزڵی گرتبوو کەچی پۆستێکی دیاری کراوی نەبوو!!ئاخر دێوەزمەکانی ناودەسەلات ری بەپیاوی پاك وبی گەردو نەتەوەیی نایەن بێتە مەیدانی خزمەتەوە ئەوەی لەشاخ حاجەتی بۆ ئەشت لەشار لەسەرووئەوەوە بوو لەوەش خراپتر یەکێك لەوپیاوە جاسوسانەی کە ئەم بەرلەراپەرین نامەی بۆ ناردبوو بەشداری راپەرین بکات بەهەرەشە وەلامی نامەکەی دابووەوە ئستۆڵێك ماشێن پاسەوانی ئەکرد لەدوای راپەرینەوە!!!!

گورونی مام لەوەسیەتەکانی دا نوسراوە کەمردم ستارەکەم بائاڵای کوردستان بێت مەزارگاکەم نەخشەی چوارپارچەی ووڵات بێت. . . زۆر لەپەیڤەکانییەکارهاتوون بی ئاماژەدان بەناوی هەتا لەتەمەنی دا بووچونکە سەربازێکی وون بوو ئامادەنەبوو ئاماژەیان پی بکات وامن لە کۆتایی بابەتەکەم ئەوەی لەیادم بێت ئەیان نوسم. . .
کە کۆچی کرد شاعیرورۆژنامەنوس وهەڵگرانی پەیامی نەتەوەیی ونوسەران چونە ژێر تەرمەکەیەوە خەباتکارانی هەرچوار پارچەکەی ووڵات زۆرپارت ولایەنەکان بەشداریان کرد رێی خەباتی کەسێك ئەستەمەون بێت لەوانەش (پارتی ویەکێتی وسۆسیالست وبزوتنەوەی ئیسلامی ودیموکراسیخوازان وکۆمەڵەی ئێران و. . . هتد) لی هەتا لەژیانی دا بوو نەخاوەنی بستی زەوی ونەدارایییەکی باش بوو، کەجانتاکەی لەلایەن هونەرمەند (علی کەمال) بەبەرچاوی خەڵکەوە کرایەوە تەنها حەوت هەزاردیناری چاپی نوێی تیابوو ئەوە هەموو موڵکی ئەوپیاوەگەورەیە بوو بۆیە دەیانی وەك محمد عمر عوسمان وحەمەپاكژوبەكرپشدەری و نەوەرەس رەشید وكامل ئەحمەد بەگ وحەمەقەرەداخی ودەیانی تر لەستایشی خەباتی دووردرێژی دا نوسیان. سڵاو لەقەڵەمی بەبرشت و نەتەوەیی یادت بەخێر مامۆستای نەتەوەیی گورونی مام. . .

ئامانج عەبدوڵا سوور
2005/11/12

لەووتە بەنرخەکانی مامۆستا گورون:
- -کوردایەتی کورد مرۆڤایەتیە.
- -ئەمەك ئەوخانەیەیە بیری تیاپەروەردە ئەبێت هەرچی ئەمەکی نەبوو خاوەن بیر نیە. .
- -ئەگەر کوردایەتی گرانە ئەواخیانەت نەکردن گەلێك ئاسانە. . .
- -ئاڵای کوردستان مەدالیای شانازیمانە. .
- -ژانی کوردێك لەهەرسوچێکی ئەم دنیایە ژانی نەتەوەیەکە بەگشتی. .
- -کوردایەتی هەست وسۆزێکی قوڵە بەناخی دەروونی کورددا شۆربوەتەوە. . .
- -بارزانی هەڵگیرسێنەری شۆرشێکە وەرچەرخانی بەدوای خۆی دا کێش کرد، بۆیە سیمبوڵی نەتەوەیە. .